https://www.doi.org/10.31918/twejer.2033.12

(e-ISSN (2617-0752)          p-ISSN (2617-0744

# هاوسەنگیی ژینگەیی لە ژینگەپارێزیی بارزانییەکاندا

فاخر عەلی عارف

ماستەر لە ئەدەبی کوردی و سەرۆکی دەزگای هەرمان

بۆ ژینگەپارێزی و ڕۆشنبیری

**fakhirdhz@gmail.com**

**پوختە:**

لە دێرزەمانەوە، نەریتی ژینگەدۆستی تێکەڵی ژیانی کوردەواری بووە، ئەویش بەهۆی تایبەتمەندیی ژیاری ژینگەیی سروشتی کوردستانەوە، کە لە بەڵگانامەی زانستی و ئایینییدا ئەم بابەتە بە ڕوونی سەلمێنراوە. بەڵام ئەوەی مەبەستی بابەتی ئەم توێژینەوەیەیە، چۆنیەتیی گەشەکردنی هزر و نەریتی ژینگەپارێزییە لە چوارچێوەی بزاڤی چاکسازیی کۆمەڵایەتیی بارزان، و چۆنیەتیی بەکارهێنانی لە ڕەفتار و ژیانی بارزانییەکاندا. وەکو نموونەیەکی پێشکەوتوو لەم سەردەمەدا و هەروەها توێژینەوە لەو ڕێنمایی و بڕیارانەی کە بەشێکن لە ئاراستەی ژینگەپارێزیی بارزانییەکان، بە بەراورد لەگەڵ بنەماکانی هاوسەنگیی ژینگەیی، کە خۆی لە بزاڤێکی ڕۆحی و ئایینییدا دەبینێتەوە. دواتر بەهۆی تێکەڵبوون بە بزاڤی نەتەوەیی وەکو بەهایەکی مرۆیی و شارستانی جێیگرتووە. تاوەکو ئەمڕۆش زێدەباری ئەو گۆڕنکارییانەی بەسەر ژیاندا هاتوون، لە کەنار یاساکانی ژینگەپارێزیی کوردستان، ئەم نەریتانە وەکو ئەزموونێکی سەرکەوتوو بەردەوامییان هەیە. دەکرێ وەکو سەرچاوەیەک لە سەرچاوەکان بۆ دانانی یاسایەکی سەرکەوتوو لە بواری ژینگەپارێزی بایەخی پێبدرێت.

**وشەی کلیلییەکان:** هاوسەنگی، ژینگە، ئیکۆسیستەم، سروشت و بارزانییەکان.

## هاوسەنگیی ژینگەیی لە ژینگەپارێزیی بارزانییەکاندا

### پێشەکی

پرسی ژینگەپارێزی لەم سەردەمەدا بە یەکێک لە گرینگترین پرس لە کەنار پرسە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەژمار دەکرێ، تا ئەو رادەیەی چالاکڤانێکی نەوجەوانی ١٦ ساڵان لە ئاست گوتاری نێودەوڵەتیدا لەگەڵ سەرۆکی بەهێزترین وڵاتی دنیادا هاوسەنگ دەکات. گرتا تونبرگ Grta Thonberg چالاکڤانی نەوجەوانی سویدی لە تەمەنی ١٦ساڵیدا بە هەڵوێست و چالاکییەکانی لە بواری ژینگەدا، توانی لە گردبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٠١٩/٩/٢٣ لە نیویۆرک بە ئامادەبوونی ٦٠ سەرۆکی وڵاتان لەوانە سەرۆکی ئەمریکا، لە بارەی ژینگە وتار پێشکەش بکات.

هاوسەنگی لە توخمەکانی سروشتدا، بنەمای سەرەکیی سیستەمی ژینگەییە، بۆیە زێدەڕۆیی دەستوەردانی مرۆڤ لە ژینگەدا مەترسییەکی گەورەی لەسەر هاوسەنگیی لە ژینگەی سروشتیدا دروستکردووە. ئەم هاوسەنگییە خۆی لە چەند بواردا دەبینێتەوە وەکو پیسکردن و قڕکردن و شڕکردن، کە ئەمەش لە ئەنجامی پەیوەندییەکی ناهاوسەنگ لە نێوان مرۆڤ و ژینگەی سروشتیدا دروست دەبێت. بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەی سروشتی، زاناکان هەوڵیانداوە تیۆری زانستی و فەلسەفیی جوراوجۆر لەسەر بنەمای بەهادارکردنی سروشت بخەنەڕوو، کە بۆ ئەم مەبەستە هەر جۆرە هزر، یان باوەڕ و نەریتێکی گونجاو، تەنانەت خۆجێیی(native)یش، مایەی نرخاندنە.

لەم کورتە توێژینەوەیەدا بە ناونیشانی "هاوسەنگیی ژینگەپارێزی لە ژینگەپارێزیی بارزانییەکاندا" نموونەی نەریتی ژینگەپارێزیی بارزانییەکان

لــە کوردســتان، خــاوەنی پێشــینەیەکی مێژوویــی و هــەروەها فــۆڕمێکی سیسـتەماتیکە، لەسـەر بنـەمای هاوسـەنگی. هەوڵـدراوە گرنگیـی شـێوەی هاوسەنگی لە ژینگەپارێزیی بارزانییەکاندا، بە تایبەت لەبەرچاوگرتنی مافی سروشـت، بـە هاوسـەنگیی لـە نێوان کومـەڵ و ژینگـەی سروشـتیدا بێتـە شــروڤەکـردن. ئەمەش بەو ئامــانجەی بتــوانین بیســەلمێنین، کە نــەریتی کوردەواری لە ژینگەپارێزیدا، چەنـدە لـە ڕووی پەروەردە و بەڕێوەبردنی ژینگەیی کاریگەر و سەکەوتوو بووە، هێندەش لەگەڵ بزاڤی ژینگـەپارێزیی سەردەمدا هاوئاهەنگە.

توێژینــەوەکە لــە دوو تــەوەرەی ســەرەکی پێکهــاتووە. لــە تــەوەرەی یەکەمدا پێناسە و چەمکی هاوسـەنگی و ژینگە و هاوسـەنگیی ژینگـەیی لـە ئیکۆسیسـتەمدا بـاس کـراوە، لـە تـەوەرەی دووەمـدا بـە شـێوەی کردەیـی هاوسەنگیی ژینگەیی لە چەند نموونیەک لە ژینگەپارێزیی بارزانییەکاندا، لە چوارچێوەی بڕیار و ڕێنماییەکانی بارزاندا باس دەکرێت.

## ١- هاوسەنگیی ژینگەیی

### ١-١ هاوسەنگی

هاوســەنگی لــە ڕووی زمــانییەوە واتــە هــاوکێش (محمــدی خــاڵ: ١٩٧٦،٣٩٦ ب٣)، سەربەســەر و وەکیــەک (حــافز قــازی:٢٠٠٥، ٢٩٨) یــان بەرابـەر، هاوئەندازە، هاوتـەراز و هاوتـا. بـە عـەرەبی دەبێتـە (التـوازن) بـە ئینگلیـزی (Balance)، کـە وەکـو چـەمک چـەند پێناسـەیەکی لـەخۆگرتووە، وەکـو هاوسـەنگیی بێلایـەن، هاوسـەنگیی جێگیـر و بـەردەوام، هاوسـەنگیی ناجێگیر و دەمکی. هاوسەنگی لە ڕوانگەی سیستەمیدا (فاطمە ساکی:٢). لـە سیسـتەمی کـراوەدا (سیسـتەمەکانی سروشـت) بـەم جـۆرە بـەیان دەکـرێ: ئەگەر تێکردە (Input) و دەرکردە (Output) لە سیستەمێکدا لەگەڵ یەکدا

هاوسـەنگ و هاوتـا بـن، لـە سیسـتەم گـۆڕانێکی تایبـەت ڕوونـادات و وا دەردەکـــەوێ کـــە سیســـتەم لـــە دۆخێکـــی هاوســـەنگ و خـــۆگر و بەرداوامدایــە(بــوتکین: ١٣٨٢،٣٩). زەکــەریا تــاحون دەڵــێ هاوســەنگیی ژینگـەیی بریتییـە لـە: "توانـاداری ئـەم سروشـتە کـە بمێنێـت بـێ ئـەوەی بگۆڕێت" (تاحون: ٢٠١٤، ٧١ ). هاوسەنگیی ژینگەیی بریتیە لە ڕێژەیـەک و قەبارەیـەکی سروشـتی دیـار کـە لـە چۆنایـەتی و چەندایەتیدا هـاوکێش و سـەربەسـەربێ و هـەر گۆڕانێـک لـە تێکـەوتن و دەرکـەوتن بەرانبـەر بێـت، ئـەوا گۆڕان لـە ئیکۆسیستەمدا ڕوونـادات و سیسـتەم خـۆگر و بـەردەوام دەبێـت. هاوسـەنگیی ژینگـەیی هەڵگـری پەیوەندییـەکی ڕێکـوپێکی نێـوان تێکـردە (Input) و دەرکـردە (Output)ـە لـە سروشـتدا، بـە دەرکـەوتنی کاریگەرییەکانی لەسەر ئیکۆسیستەمدا.

هاوسەنگیی ژینگەیی بە یەکێک لە بنەما سـەردەمییەکانی پـەروەردەی ژینگەیی هەژمار دەکرێ، ئەنجومەنی نەتەوەیی ژینگەیی بەریتانی لە سـاڵی ١٩٧٦ بۆ پەروەردەی ژینگەیی لـە ئاسـتی گەنجاندا بـە تایبـەتی قوتابییانی دواناوەندی، هاوسەنگیی ئیکۆلۆژی لە ئیکۆسیستەمدا دەخاتـەڕوو (پالمر: ١٩٩٨،٢٨). کەواتــە هاوســەنگیی ژینگــەیی لــە هــەلومــەرجی بــاوەڕداریی کومەڵایـەتی و ڕەسـەن و سـەردەمدا، بە بابـەتێکی گرنگی پـەروەردەیی و هـەروەها پێویسـتییەکی پاراسـتنی ئێکۆسیسـتەم دادەنـرێ، کـە پاراسـتنی هاوســەنگیی خــۆی لــە تێــڕوانین و ڕێوشــوێنی پــەروەردەی ڕەســەن و سـەردەمدا دەبینێتەوە.

## ١-٢- ژینگە

لە ڕووی زمانییەوە، ژینگە وشەیەکی داڕێژراوە و پێکهاتووە لـە دوو بەش (ژین+گە) واتە شـوێنی ژیـان، کـە بـە ئینگلیـزی (Environment) بـە عەرەبی (البیئە) و بە فارسی (محیط زیست)ی پێ دەگوترێ. وشـەی ژینگـە

له نێوان ئەم چەند زمانانەدا دەکرێ بەوە بەراورد بکرێ کە هەر یەکێکیان وەک چاوگەی دەستەواژەکە چەندە لە هاوسەنگی نزیکترە، لە کوردیەکەیدا لە بارەی وشەی ژینگە لێکۆڵەر ڕێبوار سیوەیلی دەڵێت: "*وشەی ژینگە لە زمانی کوردیدا وشەیەکی لێکداراوە و هەڵگری مانای چەندین وشەی دیکە یە وەک: ژن، ژیان، ژین، زایین، جێ (گە)و کات (گاە). " وشەی ژن (Jin) لە ژین و (J'in) و ژیان (Jiyan)ـەوە هاتووە، کە وشەی ژین (Jin)و ژیان لە زایین (Zayin)ەوە هاتووە. واتە گیانلەبەرێک کە بزێ، لە وشەی ژینگەدا، جۆرێک لە عەدالەتی ژینگەیی هەیە. ژینگە فەزایەکی ژیانەکیی بوونەوەرە بەبێ جیاوازیی و بە یەکسانی. لە وشەکەدا ئاماژە و پەیوەندیی شاراوە هەیە بە ژن و بە ژیان و بە شوێنی مانەوە و نوێبوونە وە و زانەوە*" (سیوەیلی: ۲۰۱٦،۲۰). وشەی کوردی کە دەربڕی عەدالەتی ژینگەییە کەوا دەبێ لە دوو لای سەنگەکەدا بێت، وەکو چۆن لە پەندی پێشینانی کوردیش وشەی ژن و ژیان پێکەوە هاتوون و دەڵێ: "ژن ژیانە"(محمدی مەلا قادر:۱۹۸۵،۱٦۵). بە شێوەیەک هاوسەنگیی هەبێ تا وەکو عەدالەتی ژینگەیی بێتە کایەوە، تەنانەت وشەی ژینگە لە چاوگدا، کە هەڵقولاوی وشەی "ژن"ە سەرەتا لە ڕەگەزی نێر و مێدا هاوسەنگی دروست دەکات، ئینجا لە ڕەفتاردا کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێ لەسەر سیستەمێکی هاوسەنگی ژینگەییدا. کارۆڵین مێرچنت (Caroline Merchant) لە پەرتووکە بەناوبانگەکەی خۆیدا بە ناوی "مەرگی سروشت: ژنان، ئیکۆلۆژی و شۆڕشی پیشەسازی"( The Death of Nature: Women, Ecology and the Sicentific Revolution) کە لە ساڵی ۱۹۸۲ نووسیویەتی، زۆر بە گرینگییەوە دەپڕژێتە سەر لێکچواندنی ژن و سروشت بە چەند خاڵێک وەکو بێبەهابوونی سروشت بە بێبەهابوونی ژنان دەبەستێتەوە و سەرەڕای چەند خاڵێکی تر (Sutton:1393, 49). پێشینەی دەستەواژەی "ژینگە" (Environment) زۆر کۆن نییە، بەڵکو بەکارهێنانی لە ئەدەبیاتی کومەڵایەتی و سیاسیدا

دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم، کاتێک پیسبوونی ژینگە بوو بە مەترسییەکی جیهانی و هەروەها دوای ئەوەی پرسی ژینگە بە گرنگییەوە وەکو بابەتێکی سەرەکی لە بواری زانستیدا کەوتە بەر باس و پێناسەکردن، ئینجا دەستەواژەی ژینگە بوو بە پێویستییەکی فەرمی، بە سەرنجدان لە سۆنگەی تێڕوانین لە ژینگەی سروشتی پێناسەی جۆربەجۆری بەخۆوەگرت (حمید ڕەزا: ٢٠١٨، ٢٢). ژینگەی سروشتی واتە دەوروبەر بە هەموو فاکتەرە زیندوو و غەیرە زیندووەکانییەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە لەم پێناسەیەدا ئەو ڕوانگەیەیە کە فەلسەفەی ئەم پێناسەیە دیاری دەکات و چەندە بە چەق دانانی مرۆڤ و ژیان و سروشت ئاراستە دەکات. بە شێوەیەکی تر لەم پێناسەیەدا ئایا مرۆڤ بە بەشێک لە دەوروبەر دادەنرێ یان چەندە مرۆڤ بە بەشێک لە ژینگە دەزانرێ. لەبەرئەوەی ڕوانگەی زانینی مرۆڤ بە بەشێک لە سروشت، یان بە پێچەوانەوە، کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر چۆنیەتیی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و سروشت بە تایبەتی پاراستنی هاوسەنگیی ژینگەیی.

## ١-٣- هاوسەنگیی ژینگەیی لە ئیکۆسیستەمدا

زاراوەی ئیکۆسیستەم (Ecosystem) کورتکراوەی ( Ecological system)ە کە بۆ جاری یەکەم لەلایەن ئیکۆلۆگییکی بەریتانی بە ناوی تنسلی (A.G. Tansly, 1871- 1955) لە ساڵی ١٩٣٥ خرایەڕوو، لەو کاتەوە وەکو یەکەیەک بۆ دەربڕینی کردەی بنچینەیی لە زانستی ئیکۆلۆژی بەکاردێت. ئیکۆسیستەم بریتییە لە ناوچەیەکی سنوور دیاریکراو، بە لەبەرچاوگرتنی فاکتەرەکانی وەکو ئۆرگانیزمەکان، دانیشتوان یان ئاستی گردبوونەوە یا فاکتەرەکانی تری ژیواری. بەشێوەیەکی تر کومەڵەیەک لە ئۆرگانیزمەکان کە لە هەلومەرجی ژینگەیی

تایبەتدا و لە سنوورێکی دیاریکراودا پێکەوە دەژین، لە شەش ڕێگای سەرەکییەوە دەتوانن کارلێکیان هەبێ. وەکو:

١- فرەچەشنی (Diversity) ٢-خۆگرتنەوە (بەتوانایی ئیکۆسیستەم لە گەڕانەوە بۆ شوێنی پێشووی) (Resilience) ٣- شایەنی بەراوردکردن (Adaptability) ٤- وابەستەیی هاوبەش (Interdependent) ٥- سنووردارەکان (Limits) ٦- پێشبینینەکراو (Unpredictability). (کریستوفر. جی-بارو: ١٣٩٢،٢٠٠)

سیستەمی ژینگەیی یەکەیەکی ڕێکوپێکە هەموو توخمە زیندوو و نازیندووەکان لەخۆدەگرێت، واتە لە کۆمەڵە و توخمە جیاجیاکانی ژینگە پێکدێت، سەرەڕای هەبوونی کارلێک لە نێوان هەردوو توخمی زیندوو و نازیندوودا (سلیمان: ١٣،٢٠١٢). یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی سیستەمە سروشتییەکان ئەوەیە، کە بە شێوەیەکی ڕێژەیی جۆرێک بەردەوامی و پایەداریان هەیە و تەواوی بەشەکانی سیستەم بە شێوەیەکی تایبەت هاوئاهەنگن، ئەم هاوسەنگییەش بە جۆرێک لە سیستەمی خۆڕێکخەر دروست دەبێت، بۆ نموونە یەکایەتیی نێوان ڕێژەی مەوادی خۆراکی ڕووبارێک لەگەڵ ژمارەی گیانداران و ڕووەکەکانی کە لە ڕووبارەکەدا هەن، وەکو یەک سیستەمی سروشتی هەژمار دەکرێن. هاوسەنگی لە ئیکۆسیستەمەکاندا پەیوەستە بە بەرانبەری و هاوتایی چوونەناوەوە و هاتنەدەرەوە، بەهۆی ئەم بەرانبەرییە سیستەم بەردەوامی پەیدا دەکات، بە پێچەوانەوە سیستەم ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە، ئیکۆسیستەمەکان لە سروشتدا خاوەن ئامانجن، سەرەڕای ئەوەی کە بەشەکان لە ئیکۆسیستەمێکدا لە ڕووبەڕووبوونەویەکی ڕێژەییدان، بەڵام لە هەمان کاتدا یەک ئامانج پەیڕەو دەکەن، ئەویش پایەداری و بەردەوامییە. ئەمەش پێیدەگوترێ هاوسەنگیی ژینگەیی. ئەوەی مایەی

تێڕامانـە ئـەو فاکتەرانـەن، کـە کـار دەکەنـە سـەر تێکدانی هاوسـەنگیی سیستەمی ژینگە، کە بە گشتی لەم سێ حاڵەتانەدا خۆی دەبینێتەوە:

١ – فاکتـەری مرۆیی: ئـەو کـار و کردەوانـەن کـە مـرۆڤ ئـەنجامیان دەدات، وەکـو بـواری پیشەسـازی و بازرگـانی و کشـتوکاڵ، ئـەو زێدەڕۆییانـەی مـرۆڤ لـەم بوارانـەدا ئـەنجامیان دەدات و دەبێتـە هـۆی تێکچوونی هاوسەنگیی ژینگەیی.

٢- فاکتـەری سروشـتی: ئـەو فاکتەرانـەن کـە مـرۆڤ ڕۆڵـی تێدا نییـە، بـەڵکو دەرئـەنجامی گۆڕانکارییـەکانی سروشـتە وەکـو گڕکـان، بومەلـەرزە، لافاو و هتد.

٣- فاکتـەری زینـدەوەرەکان: ئـەم فاکتـەرە بـەهۆی گۆڕانکـاریی پەیوەنـدیی نێـوان گیانـەوەرانی زینـدە و زیـادبوونی ژمـارەی یـەکێکیان لەسـەر حیسـابی ئـەوانی تـر ڕوودەدات (سـلیمان:٢٠١٢، ٢٥)

**٢- هاوسەنگیی ژینگەیی لە ژینگەپارێزیی بارزانییەکاندا**

پەیوەندیی نێوان ژیانی کۆمەڵگەی مـرۆڤ و سروشت پەیوەندییـەکی دانەبڕاو و بەردەوامە، چونکە ژینگە و کۆمەڵگە یەکەیـەکی تـەواو دروست دەکەن و هەردووکیان لە کارلێکی تەواو دان(ربیع:٢٠١٤، ١٧٧). مـرۆڤ لـە ژیانیـدا بـە گـوێرەی خواسـتەکانی لەگەڵ ژینگـەی خـۆی هەڵسـوکەوتی کـردووە. هـەروەها بـە گـوێرەی تێگەیشـتن و تێڕوانینـی، لـە قۆنـاغی مێژووییدا گۆڕان لـەم هەڵسوکەوتەدا دروست بووە. لـە سـەرەتاوە ئـەم پەیوەندییـە لـە چوارچێـوەی کۆنـە بـاوەڕیی و دواتـر بـاوەڕداریی کۆمەڵایـەتی و نـەریت و کلتـوور پەیـدابووە، تـا گەیشـتووە بـە قۆنـاغی تێگەیشـتنی فەلسـەفە و زانسـت. تـا ئـەو کاتـەی مـرۆڤ لـە ئـەنجامی زێـدەڕۆییەکانی لـە دەسـتکاریکردنیدا بـۆ سروشـت، گەیشـتووە بـە

هەستکردن بە مەترسیی جیهانی. ئەمەش جۆرێک لە هەستکردن بە بەرپرسیاری بەدوایخۆیدا هێناوە، بۆ مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی زانستی و ئەخلاقی و کومەڵایەتی. بۆ دارشتنەوەی یاسای پاراستن و چاککردنەوەی ژینگە، دەکرێ پشت بەو نەریت و باوەڕدارییەش ببەسترێ، کە گوزارشت لە هاوسەنگکرنەوەی پەیوەندیی مرۆڤ و ژینگە دەکات.

ژینگەی کوردستان بەهۆی پێکهاتە دەوڵەمەندەکەیەوە بە مەڵبەندێکی سەرەکیی گەشەی عەقڵیی مرۆڤ دەزانرێ، مرۆڤی کوردیش بە شێوەیەکی ڕەسەن خاوەنی تێگەیشتنێکی نەریتییە بۆ پاراستنی هاوسەنگیی ژینگەی سروشتیی خۆی لەم نیشتیمانەدا. نەریتی ژینگەپارێزی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا خۆی لە پەیوەندییەکی ژیاری و کۆمەڵایەتیی ڕەسەندا دەبینێتەوە و دەگوترێ کورد و ژینگەکەی تەواوکەری یەکترن (سیوەیلی: ٢٠٢٠،٥٤). دەکرێ لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا وەکو نەریتێکی هەنووکەییش هەستی پێبکرێ. بۆ نموونە لە ناوچەی بارزان بە هۆی تایبەتمەندیی ژینگەیی و کۆمەڵایەتی، خەڵکی ئەم دەڤەرە خاوەنی نەریتێکی تایبەتی ژینگەپارێزین، کە هاوسەنگیی ژینگەیی بنەمایەکی سەرەکیی ژینگەپارێزی بارزانییەکان پێکدێنێ، بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ لە دوو لایەنی ئەخلاقی و کومەڵایەتیدا شرۆڤەبکرێ.

## ٢-١- پیشینەیەک لە ژینگەپارێزیی بارزانییەکان

ئەو سەرچاوانەی کە لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەیی لە بارزان توێژینەوەیان کردووە، زۆربەیان ئەگەر بە کورتیش بێت ئاماژەیان بە بنەمای ژینگەپارێزی لە چوارچێوەی بەرنامەی ئەم بزووتنەوەیەدا کردووە، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم دەستی پێکردووە. هەرچەندە توێژینەوەی تایبەت و تێروتەسەل لە بارەی هزر و ڕەهەندەکان و سیستەمی ژینگەپارێزیی بارزانییەکان بەرچاو نەکەوتووە، بەڵام زۆربەیان

وەکو خاڵێک لە چاکسازییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە بارزان لەم سەردەمەدا ئاماژەیان پێداوە.

کلتووری ژینگەپارێزیی بارزانییەکان فرەڕەهەندە وەکو ڕەهەندی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کلتووری، فەلسەفی و زانستی و هتد، کە چەمکی هاوسەنگی یەکێکە لە بنەما زانستییەکان. بۆیە هەرگیز توێژینەوەیەکی کورتی وەکو ئەم توێژینەوەیە، ناتوانێ گوزارشت لە تێکڕای ڕەهەندەکانی ئەم کلتوورە بکات و لەوانەشە بە بەراوورد لەگەڵ ئەم فرەڕەهەندییە بە کرچوکاڵ دەرکەوێ. بۆیە ناچارین بە گوێرەی قەبارەی ئەم لێکۆڵینەیەمان بە پوختی تیشک بخەینە سەر ئەم پێشینەیە.

هەندێ لێکۆڵینەوە دەستپێکی نەریتی ئەم ژینگەپارێزییە دەگەڕێننەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم لە سەردەمی ڕابەرایەتی شێخ محمەدی بارزانی. کە لە پاراستنی داروبارى بەرداری خۆڕسک دەستیپێکردووە. هەروەها هەر لەم سەردەمەدا لە کاتی زاوزێدا بزنی کێوی پارێزراوە (حبیب مستەفا: ٢٠٢٠،٢٨٦). بە شێوەیەکی گشتی سەرهەڵدانی هزری ژینگەپارێزی لە بارزان بە چەند قۆناغێکی مێژووییدا تێدەپەڕێت. سەرەتای ئەم بیرۆکەیە بەرهەمی وەرچەرخانی تێڕوانینی تەکیەی بارزانە، واتە لە تەسەوفەوە بۆ عیرفان، کە لە سەردەمی شێخ عبدولسەلامی یەکەم لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم دەستپێدەکات (فاخر عەلی عارف:٢٠١٧، ٨٨). لە سەرەتای سالانی شەستەکانی سەدەی بیستەم هاودەم لەگەڵ بزاڤی ژینگەپارێزیی جیهانی، ژینگەپارێزیی بارزانییەکان دەچێتە قۆناغێکی تازەوە و دەکەوێتە چوارچێوەی سیستەمێکی هاوسەنگی سەردەمیانەوە.

## ٢-٢- هاوسەنگی لە نێوان پرسی کومەڵایەتی و ژینگەی سروشتیدا:

بە گوێرەی مێژووی بزاڤی کومەڵایەتی و نەتەوەیی بارزانییەکان، لە هەر هەلومەرج و قۆناغێکدا پرسی ڕێزگرتن لە سروشت و کۆمەڵگە لە یەک ئاست و هاوتەریب گرنگی پێدراوە. بەڵگەی سەلمێنەر بۆ ئەم بابەتە دەکرێ لە مێژووی تەڤگەری کومەڵایەتی، و ئەو ڕووداوانەی لە ئەنجامی سەرهەڵدان و بەرخودانی نەتەوەیی، ڕاستیی کۆمەڵگەی بارزانییەکانەوە هاتوون، هەتا دەگاتە شێوەی ئیدارەدانی کومەڵایەتیی ئەمڕۆ بخرێتەڕوو. هەرچەندە ئەم سەلماندنە بەهۆی تۆمارنەکردنی، بۆ نووسینەوەی ئەم بابەتە بێ ئاستەنگ نییە، بەڵام ئەوەی ڕێخۆشکەرە هەمان بەردەوامی هەنوکەیی شێوەی ئیدارەدانی کۆمەڵایەتیی ناوچەی بارزانە، کە پرسی ژینگەپارێزی لە پێشەنگی پرسەکانی تری ژیانی خەڵکیدا گرنگی پێدەدرێ. هەمان پێکهاتەی ژینگەیی ئەم ناوچەیە کە بەردەوام وەکو دیمەنی نموونەیی و مەیدانی لە چاوی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی ئەمڕۆوە نمایش دەکرێ. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە لە ژینگەپارێزیی دەڤەری بارزاندا، هاوسەنگی یەکێکە لە ڕوکنەکانی ژینگەپارێزیی ئەم دەڤەرە، و بەهۆی گەشەپێدانی ئەم ژینگەپارێزییە ئەمڕۆ وەکو کلتوور دەردەکەوێ.

## ٢-٣- تایبەتمەندیی جوگرافیا و مێژووی سروشتی ناوچەی بارزان

ناوچەی بارزان بە گشتی لە ڕووی جوگرافی، پێکهاتەی ژینگەیی، تۆپۆگرافی و ئاووهەواوە ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە بوونی شاخی بەرز و دۆڵ و نهاڵ و دارستان و بە تایبەتی بە تێپەڕبوونی ٣ ڕووبار و کانیاو و شیوی پڕ ئاو، ئەمەش هۆکاری بوونی چەندین ئیکۆسیستەمە بە پێکهاتە و ئۆرگانیزمی جۆراوجۆر وەکو گیاندار و داروبار و ڕووەک. بەهۆی ئەم جۆرە پێکهاتە سروشتییەوە، کوردستان بە مەڵبەندی سەرهەڵدانی شارستانیەتی دێرینی ژیان، لە مێژوودا تۆمار کراوە، بە

پشتبەستن بە بەڵگەی شوێنەواریی ئەشکەوتی شانەدەر کە لەم دەڤەرەدا هەڵکەوتووە.

## ٢-٤- جۆری هاوسەنگی لە ژینگەپارێزیی بارزانییەکاندا

بارزانییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە ڕێگای ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی تەکیەی بارزان پابەندبوونە بە پارستن و ڕێزگرتن لە ژینگەکەیان. ئەویش خۆی لە سیستەمێکی ژینگەیی تایبەتمەند بە بنەمای ئەخلاقی و کومەڵایەتیی فێرگەی عیرفانی تەکیەی بارزاندا دەبینێتەوە، ئەم هاوسەنگییە لە جۆری هاوسەنگی و فاکتەری زیندەوەرەکاندا دەردەکەوێ، چونکە بنەمای ڕێنمایی و ئاموژگارییەکان بەپێی واقعی جڤاکی کوردەواری بە گشتی و جڤاکی بارزانییەکان بە تایبەتی بووە، و بە هیچ شێوەیەک لە سەروبەندی دەرچوونی بڕیارەکانی ژینگەپارێزی لە کوردستان بە گشتی و لە دەڤەری بارزان بە تایبەتی کە دەکاتە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، هەست بە مەترسییەکانی پیسبوونی ژینگە لەم دەڤەرە ناکرێ، دەکرێ بڵێین تا ڕادەیەک سروشت بەسەر مرۆڤدا باڵادەست بووە و دەستکردی مرۆڤ لە ڕووی پیشەسازی و بازرگانی و هەتا کشتوکاڵ نەگەیشتووەتە ڕادەی مەترسی بەسەر ژینگەوە، بارزان لە پێناو پارستنی هاوسەنگی لە ئێکۆسیستەمی ژینگەییدا چەند ڕێسای تایبەتی لەبەرچاوگرتووە (ئەردەلان هەورامی: ١٥١، ٢٠١٨)، بۆیە بڕیارەکان هەڵقۆڵاوی مەعریفەیەکن کە لەسەر بنەمای ڤیان بونیاد نراون نەک ترس.

**٢-٥- هاوسەنگی لە پاراستنی ڕووەکدا**

**٢-٥-١- گیا و گوڵی کێوی**

- گیای دەرمانی شوێنەکەیان نابێ بکێڵرێ و دەبێ پارێزگاری لێبکرێت.

- بە گوێرەی پەروەردەی خۆجێیی بارزانییەکان لە کاتی بەهاردا بە تایبەت مانگی نیسان چونکە لەم مانگەدا زۆربەی گوڵ و گیای کێوی لە حاڵەتی دانگرتندان، بۆیە نابێت بەبێ هۆ و بە هەڕەمەکی گیاکان بشێلدرێن و هەتا شێوەی هاموشۆکردنی بە کۆمەڵ بە گوێرەی ڕێنماییەکانی بارزان بۆ خەڵکەکەی پێویستە تاکەکان بە ڕیز بەدواییەکدا بڕۆن و پێ لە شوێن پێی یەکتر دابنێن.

- پاراستنی دابونەریتی ڕەسەن بۆ پاراستنی گیا و گوڵ، بۆ نموونە بارزانییەکان تا پێش ساڵی ٢٠٠٣ ش ئاهەنگی بووکگواستنەوەیان لە مانگی نیسان ئەنجام نەدەدا چونکە دەگوترێ مانگی نیسان بۆ خۆی بووکە. لەوانەیە ئەم نەریتە لە شوێنی تریش لە کوردستاندا تا ڕادەیەک بە زیندووی مابێتەوە، بەڵام لە بنەڕیتدا ئەم نەریتە پەیوەستە بە باوەڕی کۆنە ئاینی کوردی لەوانە لە ئاینی ئێزدیاتیدا بە شێوەیەکی بەرفرەوانتر جێگیرە و بە ئەرکی ئاینی هەژمار دەکرێ. لە مانگی نیساندا سەرەڕای جەژنی سەری ساڵ لە یەکەم چوارشەممەی ئەم مانگە کە چەند نەریتێک جێبەجێی دەکەن، یەکێک لە نەریتەکان ئەوەیە، لەم مانگەدا ئاهەنگی بووکگواستنەوە ئەنجام نادەن، یان بووکگواستنەوە هەر نییە، چونکە پێیان وایە نیسان لە جوانیدا بە خۆی بووکە (شەماڵ خەموو: ٢٠١٩، ١٣٠).

- کاتی دروێنەی گیا بۆ ئالیکی ئاژەڵان، ئەو کاتەیە کە گیاکان بە تەواوی دەبەهن واتە دان دەگرن، لە کۆتایی مانگی گوڵان و سەرەتای

مـانگی حـوزەیران. ئـەویش لـە ڕۆژێکـی دیـاریکراودا، کـە پێـی دەگـوترێ (بانگ) دەست دەکرێت بە دروێنەی گیاکان هەڵبەت بە گوێرەی ئاووهـەوا، ئـەو شـوێنانەی کەشـی سـارد و کوێسـتانییە مانگێک دوای شـوێنی گـەرم دێت (حەمۆ دۆری).

**٢-٥-٢- داروبار**

- داروباری بەردار

- هـــەموو دارە بـــەردارەکان دەپـــارێزرێن (ئـــەردەڵان هـــەورامی: ١٥٥،٢٠١٨). بڕینیـان بـە تـەواوی لـە هـەر شـوێنێک لـە ژێـر هـەرجۆرە خاوەندارییەتییەکدا بۆ هەر کەسێک قەدەغەیە، دارە بەردارەکان لەم دەڤەرە پێکدێن لە: ١- داری قەزوان، داربەنۆک یان پێشـی دەگوترێت دارەبـەن ٢- داری گێوژ یان گهووشک ٣- داری تاووک ٤- داری گڕک ٥- دار تەڤسک ٦- داری مازوو و هتد

- داری بێبەر

داری بێبـەر وەکـو داربـەڕوو، دار کـەڤۆت، دار دینـدار، کنێـر، چنـار، بیۆک و بناڤی و هتد بڕینیان لە بنەوە قەدەغەیە.

**٢-٦- هاوسەنگی لە پاراستنی گیانداری کێویدا**

**٢-٦-١- بزنی کێوی: ناوی زانستی capra aegagrus**

ڕاوکردنی بزنەکێوی بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە. ئەم جۆرە ئاژەڵە لــە چیاکــانی کوردســتان مشــەیە و زۆرە وەکــو پرۆفســۆری ئــەڵمانی (هەنینگ ویزنەر) زانا و پسپۆڕی ژینگەیی دەڵێ: ئـەم جۆرە ئاژەڵە کێویـە کە لـە دەڤـەری بـارزان دەپارێزرێ لـە جۆری (**capra aegagrus**)ە و

٧٠٠٠ ساڵ پێش زاین لە میزۆپۆتامیا خۆماڵی کراوە و دەبێتە ئەژداد و نەژادی هەموو بزنە خۆماڵییەکان. (هەنینگ: ٢٠١٣،٢٢)، پاراستنی بە شێوەیەکی هەنگاوبەهەنگاو لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠و سەرەتا لە پاراستنی مێینە دەستپێکرا، دواتر پاش پەیدابوونی چەکی تفەنگی خودکار بەدەستی خەڵکەوە لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم بە تەواوی واتە مێینە و نێرینە پارێزران (میقداد زیاب: هەرمان ژمارە ٥، ٢٠١٣، ٤ )، شایەنی باسە ڕێکخراوی جیهانی IUCN ***(International Union for Conservation of Nature***) لە٢٠٠٨/٦/٣٠ بەهۆی مەترسیی قڕبوونی لە ئاستی جیهاندا ئەم ئاژەڵە خراوەتە ناو لیستی سوور (Red list)ەوە. (Unesco:2008,3786/0)

## ٢-٦-٢- کەو: ناوی زانستی (Alectoris chukar)

ڕێکخراوی IUCN ***(International Union for Conservation of Nature***) لە ٢٠١٦/١/١ بەهۆی مەترسیی قڕبوونەوە ئەم باڵندەیەی خستۆتە ناو لیستی سوور(Red List)ەوە(UNESCO, 22678691/0). بارزان لە شەستەکانی سەدەی بیستەم بڕیاری پاراستنی باڵندەی کەوی داوە کە سەرەتا ڕاوکردنی بە تفەنگ قەدەغە کرد، دواتر جۆرە تەڵەیەک کە پێی دەوترێ (سووت) بۆ ڕاوەکەو بەکار دەبرا، قەدەغە کرا. (عبدولڕحمان مەلا حەبیب:٢٠٠١،٣٨)

## ٢-٦-٣- پۆڕ: ناوی زانستی: melanoperdix niger

ڕێکخراوی IUCN ***(International Union for Conservation of Nature***) لە ٢٠١٦/١/١ بەهۆی مەترسیی قڕبوونەوە ئەم باڵندەیەی خستۆتە ناو لیستی سوور(Red List)ەوە (UNESCO,22678934/0). بارزان، بەر لە باڵندەی کەو بڕیاری

پاراستنی ئەم باڵندەیەی داوە. لە ساڵی ١٩٥٦ کە هێشتا شێخ ئەحمەدی بارزانی لە بەندیخانەی بەسرادا بووە، هەوڵی پێشگیری لە قڕبوونی داوە، ئەویش بەهۆی بەفربارینی زۆر لەو ساڵەدا. لە کاتی سەردانی دوو باوەڕدارەوە کە لە ساڵی ١٩٥٦ لە بەندیخانەی بەسرا زیارەتی شێخی خۆیان دەکەن، جەنابی شێخ لە ڕێی ئەوانەوە لە قڕبوونی باڵندەی (پۆڕ) بەهۆی سڕ و سەرماوە ئاگادار دەبێ، ئەو کاتە ڕایاندەسپێرێ کە گەڕانەوە هەوڵی پەیداکردنی جووتێک باڵندەی پۆڕی نێر و مێ بدەن و لە ناوچەکە بەڕەڵایان بکەن و بیانپارێزن لە پێناو بوژانەوەی ئەم باڵندەیە. دواتریش پاش گەڕانەوەی شێخ بۆ بارزان لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠ جەخت دەکاتەوە لەسەر پاراستنی ئەم باڵندەیە بە تەواوی ( عارف مەلا عەلی). هەر لە سەرەتاوە بە هەموو شێوەیەک ڕاوی ئەم باڵندیە قەدەغە کراوە.

### ٢-٦-٦- ماری بێ ژەهر

### - ماری ڕەش/ ڕەشمار: ناوی زانستی (Coluber Jugularis)

تێکڕای مارە بێژەهرەکان بە تایبەتی ڕەشمار، لەلایەن بارزانییەکانەوە دەپارێزرێن، ماری ڕەش لە لایەن ڕێکخراوی IUCN ***(International Union for Conservation of Nature***) لە ٢٠١٢/٢/٦ خراوەتە ناو لیستی سوورەوە (Red List)، لە پێناو پێشگیری لەقڕ بوونی ( UNESCO, 157294/0). مارە بێژەهرەکان کە لە دەڤەری بارزان و کوردستان هەن بریتین لە: ماری ڕەش، ماری ئاوی، تیرەمار، هەسپەمار، ماری زەرد، گاسنەمار، ماری ژەهردار تەنیا جۆرێکی هەیە کە پێی دەگوترێ کۆرەمار کە ئەم جۆرەیان سەرەڕای ئەوەی مەترسی بۆ سەرژیانی مرۆڤ و ئاژەڵ و گیاندارانی تر هەیە ساڵانەش قوربانی بەهۆی پێوەدانی ئەم مارەوە هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا لە کاتی ئاو

خواردنەوەیاندا ئەم جۆرە و تەواوی گیانداران بە گوێرەی ڕێنماییەکانی بارزان دەپارێزرێن (ئەردەڵان هەورامی: ٢٠١٨، ١٦٥) بڕیاری پاراستنی ماری بێژەهر بە تایبەت ماری ڕەش لە ساڵی ١٩٦٠ لەلایەن شێخ ئەحمەدی بارزانییەوە لەگەڵ هوشیاری و ئامۆژگاری پێویست دەرچووە.
**(مام بەرهۆ بێدیالی) کە لە تەمەنی سەرووی ٩٥ ساڵیدا بوو وەهای گێڕایەوە: لە هاوینی ساڵی ١٩٦٠ بوو کە لەگەڵ کۆمەڵێک لە خزمانی گوندی بێدیاڵ سەرەدانی جەنابی شێخ ئەحمەدمان کرد، لە وارێ هۆرێ لە چیای شیرین. لەبەرئەوە زۆر ڕێزی بۆ ئێمە خەڵکی بێدیال کە تێکڕا کریستیان بووین هەبوو، وەکو گوندەکانی تری دەڤەری بارزان و بگرە زیاتریش گرنگیی پێدەداین. ئەو کاتە ڕووی لە ئێمە کرد و فەرمووی: بەرهۆ! کە گەڕانەوە ئاگاداری خەڵکی خۆتان بکەن کەس با ماری ڕەش و تیرەمار و ماری زەرد و ئەو مارانەی کە بێژەهرن نەگرن، وەکو بیستوومانە خەڵکی دەیانگرن و دەیانخەنە پاخەڵی خۆیانەوە. (دیارە پاش ئەوەی شێخی بارزان فەرمان دەکات ماری ڕەش و ئەو مارانەی بێژەهرن دەبێ بپارێزرێن، خەڵک لە خۆشەویستییان دەست دەکەن بە گرتنی مار و ترسیان لێ نامێنێ). بۆیە مام بەرهۆ وتی: ئەو کاتە شێخ فەرمووی: دەبێ هۆشیار بن چونکە جۆرێکی کۆرەماری ڕەشیش هەیە ژەهردارن و مەترسی دارن. لە هەمان کات دەبێ بزانن جیاوازیی ماری ژەهردار و بێژەهر لە دوو خاڵی سەرەکیدایە، یەکەمیان چاوەکانی ماری بێژەهر بازنەیی و وەکو چاوی کێشکەیە، بەڵام چاوی ماری ژەهردار هێلکەیین، هەروەها جیاوازییەکی تر لە لموزی دایە، ئەوەی هی بێژەهر درێژ و باریک نییە هی ژەهردار لموزی زراو دەبێتەوە بە شێوەی سێ گۆشەیە. پاش ئەوە گەڕاینەوە خەڵکی خۆمان لەم زانیارییە بەنرخانەی جەنابی شێخ ئاگادار کردەوە... .**

## ٢-٦-٧- پاراستنی هەنگ (مێش هەنگوین)ی کێوی

– بێجگە لە هەنگی خۆماڵی لە ناو ژینگەی سروشتیدا هەنگی کێوی هەیە، کە ساڵانە هەنگوینێک بە باشترین کواڵیتی بەرهەم دێنێ. بارزانییەکان بە ڕێنمایی تایبەتی ناوەندی باڵای کومەڵایەتی پێویستە مامەڵە بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە بەرهەمەکەی بکەن، و بڕینەوەی هەنگی کێوی بە ئاگر قەدەغە کراوە (عەبدولڕەحمان مەلاحەبیب: ٢٠٠١، ٣٦). واتە بە شێوەیەک کار نەکاتە سەر مافی هەنگ. بارزان لەسەر بنەمای پاراستنی فرەچەشنی (Diversity) ڕێکار و ڕێسای تایبەت بۆ چۆنیەتی مامڵە کردن لەگەڵ بڕینەوەی هەنگ، لە پێناو هەڕەشەی کەمبوونەوە، یان لەناوچوونی هەنگەکان دیاری کرد (بەدر ئیسماعیل: ٢٠١٨،٢٦٠). بە تایبەت هەنگەکان لە مەترسی هەندێ گیاندار کە مەترسیی قڕبوونی هەنگ دروست دەکات، دەپارێزرێن، لە ڕێگەی ڕاوێکی بەرگریکار و ڕێکوپێک، بۆ پاراستنی هاوسەنگیی ژینگەیی.

## ٢-٦-٨- پاراستنی ماسی

بەهۆی تێپەڕبوونی سێ ڕووباری پڕ لە ئاو وەکو ڕوومەزن (زێی گەورە)، ڕووکوچک و ڕووشین لە سنووری دەڤەری بارزان و بوونی سامانی ماسی لە چەندین جۆری ماسیدا، وەکو بەرهەمە سروشتییەکانی تر، ناوەندی کومەڵایەتیی بارزان ڕێنمایی و بڕیاری گونجاو بۆ چۆنیەتیی ڕاوکردنی لە چوارچێوەی پاراستن و هاوسەنگیدا، بەم شێوەیە دەرکردووە: ڕاوە ماسی لە وەرزی زاوزێدا بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە، هەروەها لە وەرزی ڕێپێدراویشدا نابێت لەو ئامرازانە بۆ ڕاوەماسی سوود وەرگیرێ کە کار بکاتە سەر هاوسەنگیی ڕێژەیی وەکو تەقەمەنی و دەرمان هەتا تۆڕی خانە ورد، بۆ ئەوەی ماسییە وردەکان بپارێزرێن (فاخر عەلی: ٢٠١٧،١١٨). ئەم بڕیارانە زۆر بە وردی چاودێری

دەکرێن و خەڵکیش پابەندن. لە هەمان کاتدا هەرجۆرە سەرپێچییەک سزای تایبەتی بە دواوەیە.

## ٢-٧- هاوسەنگی لە بەکاربردنی بەروبوومی سروشتیدا

### ٢-٧-١- بانگ

بانگ نەریتێکی کۆنی کوردەوارییە بۆ هەڵگرتنەوە و چنینی بەروبوومی خۆڕسک، کە لە چوارچێوەی چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکانی بارزاندا بۆ بەکارهێنانی دادپەروەریی سروشتی لە کەنار دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەکارهێنراوە، کە لە ڕووی هاوسەنگیی ژینگەیی بەو شێوەیەی بارزانییەکان بەکاری دەهێنن کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە، بە تایبەت لەسەر پاراستنی هاوسەنگیی ڕووەکی بەم شێوەیەی خوارەوە:

بانگ لە چوارچێوەی ڕێنماییە کۆمەڵایەتییەکانی بارزانییەکاندا تا وەکو ئێستاش بە گرنگترین ڕێوشوێنی پاراستنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەژمار دەکرێ، ئەویش لە هەڵگرتنەوە و چنینی بەروبوومی خۆڕسک و خۆزایی وەکو قەزوانچنین، کەنگر، مازوو و هەروەها دروێنەی گیا و ڕەوز (هەڵز). ئەم بەروبوومانە بنەمای ئابووریی سروشتی خەڵکی گوندنشین و دەڤەرە چیاییەکان پێکدێنێ. بە تایبەت شادەماری ئابووریی سروشتی بارزانییەکانی لە ڕابردوو پێکدەهێنا. بۆیە دەکرێ بڵێین بانگ لە زاراوەدا واتە ئاگادارکردنەوە، یان بە واتای هاییکردن و تێگەیاندنیش بگوترێ، بەڵام وەکو چەمک لای بارزانییەکان واتە پابەندبوون بە ئامرازی دادپەروەریە و بەو شێوەیە پێناسە دەکرێ: "**بانگ تێ واتەیا هایداریەک گشتی ژ ئالیێ ناوەندا بڕیارا ڕێڤەبەریا دەڤەرێ ژ بۆ هەموو ئاکنجیێن سینۆرێ فدراسیۆنا مللەتێ بارزان، ژبۆ کۆم کرنا بەروبۆمێن خوەڕسک و خوەزای، د دەم و کات و وەرز و**

**جهێن دیاریکری ب ئارمانجا پاراستنا دادپەروەری و مافێ مرۆڤ و مافێ سروشت، برەنگەک سروشتی".** (فاخرعلی: ٢٠١٧، ١٠٤) لەم پێناسەیەدا چۆنییەتی مامەڵەکردن لە چوارچێوەی سیستەمێکی دیاریکراودایە، کە خۆی لە لایەنی کۆمەڵایەتی و سروشتیدا دەبینێتەوە بە پێی کات و وەرز و سنورێکی دیاری جوگرافیدایە. کە خەڵکێک لە ژێر ناونیشانی "مللەت" پێوە پابەندن، کە مافی کومەڵایەتی و مافی ژینگەی سروشتی بە شێوەیەکی هاوسەنگ تێدا پارێزراوە.

بە شێوەیەکی گشتی ئەم بڕیار و ڕێنماییانەی کە ناوەندی کومەڵایەتیی بارزان بەسەر خەڵکەکەیدا گشتاندوونی، بە شێوەیەکی سیستەمی ڕێکخراون و بە چاودێرییەکی تایبەتی جەماوەری بەڕێوەبردراون، لە پێناو هاوسەنگی لە نێوان پرسی کومەڵایەتی و ژینگەی سروشتیدا. ئەم ڕێنماییانە هەموو عەشیرەتەکان کە دەڤەری بارزانیان پێکهێناوە بەبێ جیاوازی دەگرێتەوە. ڕەنگە لە هەندێ حاڵەتی وەکو خاوەنداریی تایبەت خەڵکێک لە دەرەوەی بانگ مامڵە لەگەڵ بەروبوومی خۆیدا بکات، چونکە هیچ کاریگەری لەسەر ئامانجەکانی بانگ ناکات. بۆ نموونە ئەگەر خەڵکێک لە ناو مڵکی تایبەتیی خۆیدا دارقەزوانی هەبێت ئەوا سەربەستە لە ڕۆژی چنینی، ئەم حاڵەتەش بۆ هەموو عەشیرەتەکانی دەڤەری بارزان وەک یەکە بەبێ جیاوازی. هەروەها لە بەرانبەر خاوەنداریی گشتیدا بانگ هەموو عەشیرەتەکان بەبێ جیاوازی دەگرێتەوە (سەلیم ئیبراهیم سعید). کەواتە هەر ڕێنمایی و بڕیارێک لەم بارەیەوە کە لە ناوەندی باڵای کۆمەڵەیەتیی بارزانەوە دەرکرابێت یان دربکرێت، بەبێ جیاوازی هەموو عەشیرەتەکانی پێکهێنەری میللەتی بارزان دەگرێتەوە بەبێ ڕێزپەڕی.

**ئەنجامەکان:**

نەریتی بارزانییەکان لە پاراستنی هاوسەنگیی ژینگەییدا، خۆی لەژێر کاریگەریی بڕیار و ڕێنماییەکانی بارزاندا دەبینێتەوە، کە بە نرخاندنێکی مێژووی و مەعریفی و کومەڵایەتی و ئابووری زیاتر لە دەرئەنجامی هاوسەنگیی ژینگەیی نزیک دەبینەوە.

- دیارە شێوەی پەروەردە و بەڕێوەبردنی ژینگەیی بۆ چەسپاندن یان پابەندبوون بە بڕیارەکانی ژینگەپارێزی بارزانییەکان، لە سەرەتادا لە سەرەکیترین ئامانجەکانی دروستکردنی سیستەمێکی ژینگەپارێزی لەسەر بنەمای هاوسەنگی بووە، کە لە نێوان باوەڕی ڕۆحی و عەقڵیی ژیان، هاوسەنگ کراوە.

- لە ڕووی مێژووییەوە تەواوی بڕیارەکان لە سەرەتای سالانی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا دراون، واتە لەگەڵ دەرکەوتن و سەرهەڵدانی چەمکی ژینگە لە ئاستی ئەدەبیاتی سیاسی و کومەڵایەتیی جیهانیدا.

- لە ڕووی داناییناسییەوە (مەعریفی)، خەڵک بە شێوەیەکی ئەخلاقی لە ئاست نرخ و بەهای سروشت بە گشتی هۆشیار کراونەتەوە و سەر لە نوێ پەیوەندیی کومەڵ و ژینگەی سروشتی هاوسەنگ کراوەتەوە.

- لە ڕووی کومەڵایەتییەوە لە چوارچێوەی چاکسازی لە هزر و کرداردا، لە بارەی چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ پێکهاتەکانی سروشت گۆڕانکاری ڕوویداوە، بەتایبەتی لەبارەی ڕاوکردن لەپێناو ژیان، ئەمەش لەسەر بنەمای هاوسەنگی و پێویستیی چاوتێری ڕێکخرایەوە.

- لە ڕووی ئابوورییەوە سیستەمی ئابووریی سروشتی لە جیاتی ئابووریی بازاڕ پەیڕەوکراوە، واتە خەڵکی ئەم دەڤەرە بێجگە لە پێویستیی ژیانی سروشتی بەروبوومی سروشتی وەکو ڕووەک و ئاژەڵی کێوی و... هتد بە ئامانجی بازرگانی پێوەکردن بەکارناهێنن.

- لە ڕووی زانستییەوە پاراستنی فرەچەشنی لە ناوەڕۆکی بڕیار و ڕێنماییەکاندا بەرجەستەیە، کە ئەمە یەکێکە لە بنەماکانی پاراستنی هاوسەنگیی ژینگەیی.

**سەرچاوە**

- ئەردەلان هەورامی، فەلسەفە و ڕێبازی بارزان، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٨.

- بزاڤنامەی پروژەی (بارزانMAB) بۆ ژینگەپارێزی، دەزگای هەرمان، ل ٢٢، ٢٠١٣.

- بەدر ئیسماعیل شێرۆکی، بارزان مایکرۆمۆدێلی کیانێکی سەربەخۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٨.

- حەبیب مستەفا، ڕۆڵی ڕێساکانی داب و نەریت لە ژیانی بارزانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٢٠.

- ڕێبوار سیوەیلی، فەلسەفەی ئاکاری ژینگەپارێزی، ڕێکخراوی زەریاب و ئاژانسی پایا، هەولێر، ٢٠٢٠.

- زەکەریا تاحون، بەڕێوەبردنی ژینگە، و/ ئەحمەد عەلی ئەحمەد، بڵاوکراوەی جەمال عیرفان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٤.

- شەماڵ خەموو، خوەزا- پیرۆزی د کەلتووریَ کوردانـدا ئێـزدی وەک نموونـە، گوڤـاری ئاکـادیمی The Journal Mesopotamian Staies(JMS) c:4/1, s 130، لـە بڵاوکردنـەوەی زانکـۆی تـورکی Mardin Artuklu

- عادل مشعان ڕەبیع، هۆشیاریی ژینگەیی، وەرگێرانی/ ئەحمەد عەلی ئەحمەد، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی جەمال عیرفان، ٢٠١٤، سلێمانی.

- عبــدولڕەحمان مــەلا حــەبیب، عەشــیرەتی بــارزان، چــاپی یەکــەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠١.

- فاخر عەلی عارف، چاڤکانییا ژینگەپارێزییا بارزان، نامەی ماستەر. زانکۆی ئورتوکلو ماردین، ٢٠١٧.

- محمەدی مەلا قادر، پەندنامەی ئاوارە، کۆکراوەی دەستنووس، ١٩٨٥.

**فەرهەنگەکان**

- حافظ قازی، فەرهەنگی قازی، چاپا دوویێ، وەشانا سپیریێز، هەولێر، ٢٠٠٥.

- محمــدی خــاڵ، فەرهــەنگی خــاڵ، ب/س، ب/سـێیەم، چــاپی یەکــەم، چاپخانەی کامران. سلێمانی، ١٩٧٦.

**فارسی**

- جوی ای پالمر، آموزش محیط زیست در قرن ٢١، ترجمه علیمحمد خورشیدوست، چاپ ششم، چاپ مهر، قم. ١٣٩٦.

- دانیل بوتکین، شناخت محیط زیست(زمین سیاره زنده)، ترجمه عبدالحسین وهابزاده، انشارات جهاد دانشگاهی مشهد، چاپ پنجم، ١٣٨٦.

- سید حمید رضا رئوف، رویکرد عرفانی مولانا به محیط زیست، چاپ اول، ناشر نشر عروج، ١٣٩٧.

- فيليپ دبليو. ساتن، جامعه شناسی محيط زيست، ترجمه صادق صالحی، چاپ دوم، چاپ: گلها(قم)، ۱۳۹۳، قم.

- كريستوفر جی باور، اصول و روش مديريت زيست محيطی، ترجمه مهرداد اندرودی، چاپ سوم، انشارات مدير فلاح، كرج، ۱۳۹۲.

ديدار و چاوپێكەوتن:

- چاوپێكەوتن لەگەڵ (بەرهۆ بێدياڵی)، لە ۲۰۱۰/۱/۱، ئەرشيفی ڕاديۆ هەرمان.

- چاوپێكەوتن لەگەڵ (حەمۆ دوری)، دانيشتوی گوندی دۆرێ، ناحيەی گوڕەتوو، لە ۲۰۱٦/۱۰/۲۲.

- چاوپێكەوتن لەگەڵ (سەليم ئيبراهيم سعيد مزووری)، دانيشتوی كەمەڵگای دازان، ناحيەی بارزان، ۲۰۲۰/۹/۱۳.

- چاوپێكەوتن لەگەڵ (عارف مەلا عەلی)، دانيشتوی گوندی زورەگڤانی ناحيەی بارزان، ۲۰۱٦/۱۰/۱۰.

- چاوپێكەوتن لەگەڵ (مقداد زياب)، دانيشتوی گوندی بارزان، ڕۆژنامەی هەرمان، ژمارە ۷، ۲۰۱۳.

**سەرچاوەی ئينتەرنێتی**

- فاطمە ساكی، تحليل تعادل محيط زيست طبيعی، پژوهش، -www.sid.ir

www.bbc.com/news/newsbeat-53902468-

-www.iucnredlist.org/details/3786/0 - *The IUCN Red List of Threatened Species* 2020: e.T3786A22145942. https://dx.doi.org/10.2305/IUCN.UK.2020-2.RLTS.T3786A22145942.en

- - *IUCN Red List of Threatened Species* 2019: e.T22678691A155454429. https://dx.doi.org/10.2305/IUCN.UK.2019-3.RLTS.T22678691A155454429.en. www.iucnredlist.org/details/2267/86910

-. *The IUCN Red List of Threatened Species* 2016: e.T22678934A92794900. https://dx.doi.org/10.2305 BirdLife International. 2016. *Melanoperdix niger* - www.iucnredlist.org/details/22678934/0

http://www.iucnredlist.org/details/157294/0-

**ملخص:**

يعود اهتمام الشعب الكردي بالبيئة الطبيعية إلى العصور القديمة، نظرًا لخصائص البيئة الطبيعية في كردستان وبقائها، والتي أنشئت وفقًا للوثائق الدينيـــــــــــــة والعلميـــــــــــــة.

الغرض من هذه الدراسة هو كيفية تطوير عقلية وحفظ البيئة الطبيعية في إطار الإصلاحات الاجتماعية وتطبيقها على سلوك وحياة الأشخاص المعنيين، من ناحية أخرى، لاستكشاف القرارات المتعلقة بحماية البيئة الطبيعية، مثل النموذج المتقدم تتجلى في هذا العصر وتتوافق مع المبادئ البيئية المنبثقة عن الحركة الدينية والروحية. نتيجة للاندماج في حركة القومية، أصبحت فيما بعد ثباتًا أخلاقيًا، وحتى يومنا هذا، بالإضافة إلى التغييرات الحياتية، يمكن اعتبار هذه الممارسات، باعتبارها تجربة ناجحة، أحـــــد مصـــــادر تنظـــــيم القـــــانون البيئـــــي.

**الكلمات المفتاحية:** التوازن، البيئة، النظام البيئي، الطبيعة، البارزاني.

**Abstract**

The Kurdish people's interest in the natural environment goes back to ancient times, due to the characteristics and survival of the natural environment of Kurdistan, which has been established in accordance with religious and scientific documents. The purpose of this study is how to develop the mindset and conservation of the natural environment within the framework of social reforms and its application to the behavior and life of the people concerned, on the other hand, to investigate the decisions on the protection of the natural environment, such as the Advanced Model In this age. And its adaptation to environmental principles originates from the religious and spiritual movement. As a result of merging into the national movement, it later became a moral constellation, and to this day, in addition to life changes, these practices, as a successful experience, can be considered one of the sources of the regulation of environmental protection law.

**Keywords**: Balance, Environment, Ecosystem, Nature, Barzani.